# لەبەرچی دەنگ نادەم

## شاخەوان شۆڕش

دیارە من لە چەندین وتاری دیکەدا هەڵوێستی خۆم یەکلا کردۆتەوە و گوتوومە کەوا من دژی لکاندنەوەی باشوری کوردستان بەئێراقم و ڕوونکردنەوەشم کەم یا زۆر لەو بوارەوە داوەتە دەست. نامەوێ لێرە لەسەری بڕۆم.

من ئەگەر خۆشم بە ئێراقی بزانیبایە دەنگم بە لیستی 730 هەر نەدەدا, چونکە ئەوە لیستێکە و بەسەر گەلدا نارەوایانە سەپێندراوە. ئەو لیستە ئەنجامی پۆلیتیکی نادیموکراسیانەی یەکێتی و پارتییە, کە سەرەتای بە دابەشکردنی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد و پاشانیش ئەو پلانەیان بۆ ئێراق دارشت, گوایە ئەوها لەبەرژەوەندی کورد دایە! گوایە ئەگەر کوردەکان بە چەند لیستی تایبەت دابەزیبان خزمەتی کوردستانیان نەدەکرد؟! بەڵام ئایا مەبەست خزمەتی کوردستانە؟
لیستی 730 لەلایەن دوو پارتی دەسەڵاتدار و پارتەکانی بنپاڵیان سەپێندراوە, پاڵێوراوان کەمێکیان نەبێت ئەوانیتر کۆمەڵێ خەڵکی ناوزلی هیچ لەبار, فایلدار, کور و کچی فلان و خزمی فلان و هەڵپەرست دەگرێتەخۆی.
ئەوان بە هۆی پۆلیتیکی نادیموکراسیانەیان نەیان هێشتووە ئەلتەرناتیڤ دروست ببێت. سەیریش ئەوەیە, بە خەڵک دەڵێن, ئێ کوا ئەلتەرناتیڤی ئێمە!؟ کەسیتر هەیە دەنگی پێ بدەن؟ من بە ئێوە دەڵێم, بۆ ئەلتەرناتیڤ لە سوریا نییە؟ بۆ لە کوبا نییە؟ بۆ لە سوید هەیە؟ خۆتان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

من ئەگەر خۆم بە ئێراقیش بزانیبایە, دەنگم بە خەڵکێک نەدەدا, کە 14 ساڵە کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا بە بەخاک و سەرمایەکەی دابەشکردووە و لەبەرچاوی خەڵکە بێدەسەڵات و نەزانەکەی تاڵانی سامانەکەی دەکەن.

خۆم بە ئێراقیش بزانیبایە دەنگم نەدەدایە خەڵکێک بازرگانی بە خوێنی قوربانی و نەمران دەکات و لە پێناوی پلە و پایەی خۆیاندا خەڵکی خاوەن قوربانی فریو دەدەن.

خۆم بەئێراقیش بزانیایە دەنگم بە خەڵکێک نەدەدا, کەوا خۆیان لە گەندەڵی خۆیان گێل دەکەن و ئاماژە بە کێشەی گەنجان دەکەن.

چۆن دەنگ بە خەڵکێک دەدەم گەل فریو دەدات و باسی لوتکەی بۆ دەکات, کەچی ئەو شتیتری مۆرکردووە. دەڵێ ئێمە سەربەخۆین, کەچی بەپێی یاسا ئەوان لە چەندین لایەنەوە سەربەخۆنین. چی دەبێت ئەگەر ڕاستی بە خەڵک بڵێن؟

دەنگ بە خەڵکێک نادەم کە بانگاشەی دیموکراسی و ئازادی دەکات, کەچی ناووناتۆرە بۆ ڕەخنەگران دەدۆزنەوە, خەڵک لەسەر هەڵوێست لە کار دەردەکەن, خەڵک لەسەر وتارێک شونبزر دەکەن, دەزگای داپلۆسینی وەکو ئاسایش, زانیاری و پارستنیان بەرداوەتە گیانی خەڵکی بێدەسەڵات.
نامەوێ زیاتری لەسەر بڕۆم ئەگەر بە دوای فاولەکانی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتەکەیاندا بچم, ئەوە لەوە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت و نابڕێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم و دەمەوێ بە هەموو دڵسۆزانی کوردستانی ڕابگەیەنم, ئەگەر من شتێکم نوسیبێت, بۆ ئەوە نەبووە خۆم بە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات بزانم یا بمەوێ دەسەڵات بگرمە دەست, یا بمەوێ ڕێکخراو دروست بکەم, یا خۆم واپیشان بدەم کەوا من زۆر قارەمانم, نەخێر.
من بە پێویستم زانیووە ڕوونکردنەوە لەسەر بابەتێک کە من لام گرنگ بووە بە پێی زانیاری خۆم بدەمە دەست. ویستوومە ڕەخنە لە سیستەم و مەنتالیک بگرم کە پێم وابووە ناڕاستە و پێویستە خەڵکی لێ هوشیار بکرێتەوە. بۆیەش زۆرجار هەوڵم داوە هەست و هەڵوێستی خۆم بەلاوە بنێم و بێلایەنانە لە بابەتەکە بدوێم. هۆکەی هەرچی بێت, ویستوومە لە ئازاری خەڵکی کوردستان بگەم و بەپێی توانای خۆم شتێک بکەم, ئەوجا بە نوسین یا بەڕێگای دیکە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ دووبارەی بکەمە, من خۆم بەئێراقی نازانم و لەگەڵ هیچ ڕەوتێکی بەرەو ئێراق نیم. من ئازادی کوردستان و خەڵکەکەی لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانەوە دەبینم. ڕەنگە زۆری وەکو مام جەلال ئەوەیان پێ خەون بێت, بەڵام من هەتا سەر ئێسکان بڕوام پێی هەیە و ڕوونکردنەوەی بە بناغە و زانستیشم بۆ ئەو بڕوایەم هەیە, بۆیە ئەوە شیعر نییە من دەیلێم.

بژی کوردستان
پارچە پارچە بێت ئێراقی زیندان

**2005.12.13**